# خانمانی کوردستان

## خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان هەیە

**خانمانی کوردستان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ڕۆژی ٨ی مارس و ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان هەیە، بەشێکی زۆریان بە پێویستی دەزانن ئاوڕێکی جددی لە بزافی یەکسانیخوازیی رەگەزی بدەرێتەوە، و هەوڵەکان تەنیا لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا قەتیس نەکرێن. هەندێکیشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خولقێنەری ڕۆژێکی جیهانی بۆ خانمان و ئەوەی کە دەروازەیەکی گەورەی بەڕووی دەستەبەرکردنی مافەکانی رەگەزی مێدا کردەوە، خەبات و قوربانیدانی خودی ئافرەتان بووە، کە ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانی نەهێشتنی جیاوازی رەگەزیدا تاو دا و بناغەی ریفۆرمێکی مێژووییان داناوە، کە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتانی لێکەوتەوە، بەڵام ئایا پاش ئەو هەموو قوربانیدانە، هەنگاوەکان بەرەو چ ئاراستەیەك بووە و چ ئاسۆیەکی لە بەردەم مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتاندا کردووەتەوە؟ ئایا لە هەرێمی کوردستان تا چەند بایەخ بەو ڕۆژە و ناوەڕۆکی پەیامەکانی دەدرێ؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**خۆزگە یادی ڕۆژی ژن لە کوردستان نەدەکرایەوە، لە بەر ئەوەی ڕۆژێک دەبێت یادی بکرێتەوە کە دەستکەوتێکی تێدا بەدەست هاتبێت، بەڵام من نازانم لە کوردستان بۆچی ئەو ڕۆژەیان گرتووە و بەرینادەن، کە هیچ دەستکەوتێکی بۆ ژن بەدەست نەهاتووە**

سەرەتا د. نازناز محەمەد قادر کەسایەتی ئەکادیمی و سیاسەتکار و نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە «کومەڵگەی کوردی کومەڵگەیەکی باوکسالارییە کە لە بیرکردنەوەیەکی سەردەمی کشتوکاڵی و بە ژێرخانێکی ئابووری ناپتەو و نارۆشەن بۆمان ماوەتەوە، دیار نییە کە ئێمە لە کام قۆناغین. لە قۆناغی کشتوکاڵی بەناو ڕزگارمان بووە، بەڵام نەکەوتووینەتە ناو قۆناغێکی پیشەسازیی پێشکەوتوو کە لە ئەنجامدا بتوانین لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی وادا بین کە سەندیکاکان و کارەکتەرە جیاوازەکانی کومەڵگە بتوانن ڕۆڵی خۆیان تیادا ببینن.» گوتیشی: «هەموومان دەزانین کە ڕۆژی جیهانیی ئافرەت بۆ مانگرتنی کرێکارانی ژن لە ساڵی ١٩٠٨ دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەم جار ساڵی دواتر واتە لە ساڵی ١٩٠٩ یادی ئەو ڕۆژە کرایەوە، واتە هۆکارێکی ئابووری بووە هۆی وشیاری زیاتری ژن، هەمیشەش هۆکارەکانی ئابووری دەبنە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەڵام ئێمە خۆمان لە ڕووی ژێرخانەوە لە بەر ئەوەی خاەنی دەوڵەت نەبووین، بەردوام ژێردەستە وچەوساوە بووین، نەمانتوانیوە هیچ بناغەیەکی باش لە ڕووی ئابووریەوە دابنێین و سەرخانەکامان بەرەو پێشەوە ببەین، لە دوای ڕزگاری باشووری کوردستان، ئێمە بەردەوام بە دروشم و جاربەجار بە یادکردنەوە ئەم بۆنانەی کە تایبەتن بە ئافرەتان هەوڵمان داوە داوای مافەکانی خۆمان بکەین، بەڵام ئاکامەکانی وەك پێویست نەبووە، لەبەرئەوەی کارەکتەرەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەحزابە کوردستانییەکان کە دەور دەبینن، هەر هەموویان زادەی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارین، بۆیە بۆیان ئاسان نییە کە قبووڵی بکەن ژن و پیاو یەکسان بن».

د. نازناز هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «لە ژێر فشاری ڕێکخراوەکانی NGO لە کوردستان کە بۆ ماوەیەکی باش لە کوردستان چالاکییان هەبووە، توانراوە هەندێك چەمکی ئەرێنی لە کەلتووری ڕۆژئاوا وەربگرین، هاوکات دەڵێت: «ئێمە سیستەمی




کۆتامـان هێنـا نێـو پەرلەمـان و ئەنجومەنی پارێـزگاکان، ئەمانە هاوردە بوون، وەك چۆن ئایفۆن دێتە وڵاتەکەمان، بە هەمان شـێوە هەندێـك شـتمان لـە کەلتـووری رۆژئـاوا وەرگرتووە، بـەڵام لە بەر ئـەوەی ئێمـە نەماتوانیـوە جـوان بیربکەینەوە، بۆیە هەتا ئێسـتاش جێگەی خۆی نەگرتووە. راستە ٣٠٪ی ئەنجومەنەکان بۆ ئافرەت تەرخـان کـراوە، بەڵام ئایا لە هیچ کام لەم پێگانە ژن رۆڵی خۆی دەبینێت؟ بێگومان نەخێر، مەگەر ئەو کارەکتەرە تەربییەتێکی وای هەبووبێـت کـە پیاوانە هەڵکەوتبێت و خۆی هەسـت بە ژنانەبوونی خـۆی نـەکات، بۆیـە زۆربەی کات لاسـایی پیـاوەکان دەکاتەوە لە دەنـگ هەڵبریـن و پەنجـە راوەشـاندن و...هتد. واتـە هەوڵەکانمان بـە سروشـتی خۆمـان نەڕۆیشـتووە، هـەر ئەوەشـە وایکـردووە ئەو هەمـوو گۆڕانکارییانـەی لە دونیا روودەدەن، ئێمە هەزمی ناکەین و تەنانـەت لـە کۆمەڵگـەی ئێمـە ژنی زیاتـر وێران کـردووە، واتە کاردانـەوەی پێچەوانـەی هەبـووە و بـەرەو مودێلاتـی خەلیجـی و ئێرانـی بـردووە، یان بەپێچەوانەوە روو لە تەجمیل و رووکەشـایەتی دەکـەن، وەك هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی ببن بـە کۆپی نانسـی عەجرەم. هەروەهـا فەوزایـەك لـە نێو خودی ژن و خێزانـی دەبیندرێت، بۆیە ناکرێـت تەنیـا گلەیـی لە حکومەت بکرێت کـە نەیتوانیوە تەبەنی قەزییەی ژن وەك پێویست بکات، بەڵکو ئێمە خۆمان نەمانتوانیوە لـەم کۆمەڵگـە دواکەوتـووە رزگار بکەیـن و بـەرەو قۆناغێکـی پێشکەوتوو بڕۆین، دەبێت ئەوەش لە بەر چاو بگرین کە وەکو تاك، دەستکەوتەکانی ژن تەنیا لە رێگەی سیاسەتەوە دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو لە رێگای ئابووری کومەڵایەتیشەوە مسۆگەر دەبێت. نابێت چاوەڕەوانی ئەوە بین کە حکومەت ببێتە سـیحربازێك و لە رۆژی هەشـتی مـارس چەنـد ئاهەنگێکمـان بـۆ بگێڕێت، یاخـود لە نێو کابینەکـە چـوار ژنـی تێدابێت و بڵێن تـەواو، چونکە ئەمە هەموو شتەکە نییە، ناڵێم کۆمەڵگەی کوردی بەرەو پێش نەچووە، بەڵکو دەمانتوانی زۆر لەوە زیاتر بەرەوە پێش بچین».

**پێویستە رێکخراوەکانی ژنان و هەموو یەکسانیخوازان بە هەر دوو رەگەزەوە لە کوردستان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و بیکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە رۆڵی لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەبێت**

**سیستمی پەروەردە لە وڵاتانی نەریتیدا بە زەقی لە ژێر پرسیاردایە، لە بەر ئەوەی لە دیالۆگی ناو کتێبەکانیان بایەخ بە یەکسانی رەگەزی نەدراوە و پیاو بە سەرپەرشتی ماڵ و نانهێنەر دەناسرێت، ژنیش تەنیا وەک دایک و هاوسەرێکی باش پێناسە بکرێت، بۆیە لەو وڵاتانەدا ژنان وەک پەراوێزی کۆمەڵگە تەماشا دەکرێن**

**ژنانی دونیا نەک تەنیا لە رۆژی ٨ی مارس بەڵکو بە بەردەوامی و زۆر لێبڕاوانە بۆ ئازادی و یەکسانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان خەباتیان کردووە**

**لە دوای رزگاری باشووری کوردستان، ئێمە بەردەوام بە دروشم و جاربەجار بە یادکردنەوە ئەم بۆنانەی کە تایبەتن بە ئافرەتان هەوڵمان داوە داوای مافەکانی خۆمان بکەین، بەڵام ئاکامەکانی وەک پێویست نەبووە، لەبەرئەوەی کارەکتەرەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەحزابە کوردستانییەکان کە دەور دەبینن، هەر هەموویان زادەی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارین**

سورەیا فەلاح، لێکۆڵەر و چالاکی سیاسی، سەرەتا بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ئافرەتانەوە پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی «تاك بە تاکی کۆمەڵگەی جیهانی» دەکات و دواتر هێما بۆ ئەوە دەکات کە «خەباتی یەکسانیخوازی رەگەزی تەنیا بە یادکردنەوەی رۆژێك، یان بۆنەیەك، ناتوانێت گشت ئامانجەکانی بپێکێت، بەڵکو رچەشکێنی و کاری خۆبەخشانە و قوربانیدانی پێویستە هەتا ئەو بەها مرۆڤایەتییانە دەستەبەر بکات.» گوتیشی: «هێشتا کەلتووری زۆربەی وڵاتانی دونیا، دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ پیاوان زەوت کردووە، ئەوەش نۆرمی کەلتووری نەریتسالارییە کە رێگری لە ئیرادەی ئافرەت و بەشداربوونی لە جومگەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکات، تەنانەت سیستمی پەروەردە لە وڵاتانی نەریتیدا بە زەقی لە ژێر پرسیاردایە، لە بەر ئەوەی لە دیالۆگی ناو کتێبەکانیان بایەخ بە یەکسانی رەگەزی نەدراوە و پیاو بە سەرپەرشتی ماڵ و نانهێنەر دەناسرێت، ژنیش تەنیا وەك دایك و هاوسەرێکی باش پێناسە بکرێت، بۆیە لەو وڵاتانەدا ژنان وەك پەراوێزی کۆمەڵگە تەماشا دەکرێن».

ڤینۆس فایەق نووسەر و رۆژنامەوان و شاعیر، رایوایە رۆژی جیهانی ٨ی مارس لە کوردستان بێبایەخ بووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «خۆزگە یادی رۆژی ژن لە کوردستان نەدەکرایەوە، لە بەر ئەوەی رۆژێك دەبێت یادی بکرێتەوە کە دەستکەوتێکی تێدا بەدەست هاتبێت، بەڵام من نازانم لە کوردستان بۆچی ئەو رۆژەیان گرتووە و بەرینادەن، کە هیچ دەستکەوتێکی بۆ ژن بەدەست نەهاتووە.» داوا لە هاوڕێیانیشی دەکات کەسیان لەو رۆژەدا پیرۆزبایی لێنەکەن، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەو رۆژە لە کەس پیرۆز ناکات».

لە لای خۆیەوە نووسەر و رۆژنامەوان سەرفراز نەقشبەندی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژنانی دونیا نەك تەنیا لە رۆژی ٨ی مارس بەڵکو بە بەردەوامی و زۆر لێبڕاوانە بۆ ئازادی و یەکسانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان خەباتیان کردووە، بەڵام لە کوردستان ژنان چ شۆڕشێکی وایان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەستپێنەکردووە، دیارە ئەوەش وایکردووە لە واری سیاسیشدا لە پاش بمێنن.» گوتیشی: «تا ئێستاش لە راگەیاندنی کوردیدا ئەگەر هەندێك رۆژنامەوان بخوازن رووماڵی پرسێکی سیاسی بکەن و نیازیان وابێ پرسیارەکان ئاراستەی ژنان بکەن، بەگومانن لەوەی کە ژن ئەو سەکۆیە بێت کە بتوانێ رۆژەڤی سیاسی بکات. قووڵایی کێشەکەش بۆ بناغەی حزبی دەگەڕێتەوە، چونکە حزبەکانی ئێمە حزبی نێرن، واتە چاوی بزافی ئێمە نێرە، بۆیە لە قۆناغی باوکسالاریدا ماوین و هەنگاوێك بۆ پێش و دوو هەنگاو بۆ پاش دەڕۆین.»

لەیلا محەمەد مامۆستای قۆناغی سەرەتاییە و سەرەتا بە بۆنەی هاتەوەی ٨ی مارس گەرمترین پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی ئافرەتانی کوردستان و جیهان دەکات و دواتر دەڵێت: «٨ی مارس رۆژێکی مێژووییە بۆ ئافرەتانی جیهان، چونکە رۆژی رزگاربوونی ئافرەتانە لە رەگەزپەرستی و لە هەمانکاتدا وێنەیەکی خەباتە لە کۆمەڵگە بۆ نەهێشتنی نایەکسانی و بەدەستهێنانی بەهای کۆمەڵایەتی ئافرەتان. جێگەی خۆشحاڵییە کە ئافرەتی کورد لە زۆر رووەوە توانیویەتی بەسەر زۆر کۆسپ و تەگەرەدا سەربکەوێت و بوونی خوی بسەلمێنێت، بەڵام بەداخەوە هێشتا کومەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی نەریتی بەتایبەتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە یەکسانی رەگەزی بەرجەستە بکات. بۆیە تائێستاش تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش ئافرەت رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.

یاساناس کوردۆ عەبدولڕەحمان سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «رۆژی ٨ی مارس رۆژی بەرگریی و تەحەددای ئافرەتانە لە بەرەوڕووبوونەوەی سیستمی باوکسالاری کە تێیدا ژن وەك پلەیەکی خوارتر لە نێرینە تەماشای دەکرێت. بە رای من دەستنیشانکردنی رۆژی جیهانی ژنان، خۆی لە خۆیدا رەهەندێکی سیمبۆلیکی هەیە، ئەگەرنا لەم رۆژەدا و لە رۆژەکانی دیکەشدا چەوساندنەوەی ژنان هەر درێژەی هەبووە و بازووی پیاوسالاریی بەهێزتر کردووە. بۆیە «پێویستە رێکخراوەکانی ژنان و هەموو یەکسانیخوازان بە هەر دوو رەگەزەوە لە کوردستان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و بیکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە رۆڵی لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەبێت.»

گەرچی رۆژی ٨ی مارس وەك رۆژی جیهانیی ئافرەت، دەروازەیەکی گەورەی بە رووی دەستەبەرکردنی مافەکانی رەگەزی مێدا کردەوە، ئافرەتانی زۆربەی وڵاتانیش (بە کوردستانیشەوە) لە رەوتی خەباتی یەکسانیخوازیدا بەردەوامن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە سنوورێکی بەرفراواندا پەلاماری دەستکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان دەدات، ئافرتان سەرەڕای ئەوەی جیاکاریی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی و رەگەزی و هەموو توندوتیژییەك رەتدەکەنەوە، هاوکات لە هەڵمەتی بەرگری و پاراستنی سنوورەکانی کوردستاندا بەشدارن و بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی لە پێشمەرگە دەکەن.

کەسایەتی ئەکادیمی و سیاسی د. سامان شاڵی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە ئێستادا خانمانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ خۆیان نووسیوە، لە شەڕی دژ بە داعش لە کۆبانێ و ناوچەکانی دیکەی کوردستان خانمانی کورد سەرنج و رێزی هەموو جیهانیان بولای خۆیان راکێشا لە شێوازی خەباتی چەکداری و رۆڵی کاریگەریان لە رزگارکردنی ناوچەکانی کوردستان لە ژێردەستی تیرۆریستان و دوژمنانی میللەتی کورد، ئەوانەشی چەکیان هەڵنەگرتووە، کاری زۆر گرنگ دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەت و رۆڵێکی باشیان بینیوە لە پەرلەمان و کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان، ئەوانەی دیکەش بەردەوام پاڵپشتی پێشمەرگە دەکەن. دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە هاوسەرەکانیان لە جەنگن، ئەمان ئیدارەی خێزان دەکەن وەکو دایك و لە جێگەی باوکیش، لە لایەکی دیکەوە خانمان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە دێرزەمانەوە تا ئێستاش شان بە شانی پیاوان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و دابینکردنی بژێوی خێزان دەوریان بینیوە، هەروەها جێپەنجەیان دیار بووە لە شیعر و تەمسیل و پەروەردەکردنی نەوەکانی نوێی خوێندکاران. بەڵام بەداخەوە بەپێی پێویست خانمان رۆڵی سەرەکییان لە ئاستی بڵندی حزبەکان و حکومەتدا پێنەدراوە. لە کابینەی ئێستای حکومەتی هەرێمدا تەنیا یەك خانم وەزیرە، لە کاتێکدا کە ئەم رێژەیە ناگاتە ٥٪ی کابینەی وەزارەتەکان. ئەمە جێگەی پرسیار و ئاوڕلێدانەوەیە و

پێویستە کار بکرێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداریکردنی خانمان لە ئاستی دەستەڵات و بڕیاردا. لەوە دەچێت خانمانی کوردستان خۆیشیان کەمتەرخەم بن لە بەدەستهێنانی مافەکانیان، چونکە پێداناگرن لەسەر داواکارییە ڕەواکانیان و یەك هەڵوێست نین».

توێژەری کۆمەڵایەتی ئالان لەشکری پێشنیار دەکات «لە ڕۆژی ٨ی مارس ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامەزراوە حکومیەکان بە جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو لە بری ئاهەنگ و شایی و لەبەرکردنی جلی ڕەنگاوڕەنگ، پێویستە هەمووان بە ڕاگەیاندنی ماتەمینی ڕێز لەو هەموو ژنە پرسەدارانە بگرن کە باوك و برا و هاوسەر و کوڕیان لە پێناو پارێزگاری کورد و کوردستاندا خوێنی خۆیان بەخشیوە».

دەستنیشانکردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، دەگەڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانە گەورەکەی ئافرەتانی کرێکاری کارخانەیەکی ڕستن و چنین لە (نیویۆرك)ی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی بەمەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی ماوەی کار خۆپیشاندانێکیان وەڕێخست و هاوکات بە هۆی هێرشی هێزەکانی پۆلیس بەشێك لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە کوژران و بریندار بوون.

خەباتی ژنانی کارخانەی ڕستن و چنین لە ئەمریکا وەکو ڕووداوێکی مێژوویی و گرنگ لە مێژووی خەباتی مافخوازانەی ئافرەتان بەگشتی و خانمانی ئازادیخوازی بەتایبەتی دێتە ئەژمار.

خۆپیشاندان و ناڕەزایی و قوربانیدانی ئافرەتانی کرێکاری کارخانەی ڕستن و چنین لە نیۆیۆرك لە پێناوی داخوزی زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی ماوەی کاریان بۆ (١٠ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا) و مافی سازدان و ڕێکخستنی یەکێتییەکی کرێکاران و هەروەها بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو. لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە شاری (کۆپینهاگن)ی دانیمارك دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالست بەڕێوەچوو، کە لەوێ (کلارا زتکین) یەکێك لە ڕێبەرانی ناسراوی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لەسەر دیاریکردنی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان دواو پێشنیاریکرد، ٨ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانیی ئافرەت بناسرێت. گەرچی ئافرەتانی نەمسا پێشتر ڕۆژی ١ی مانگی مەی و ئافرەتانی (ئەڵمانیا)ش ڕۆژی ١٩ی (مارس)یان پێشنیار کردبوو، ئافرەتانی (ڕووسیا)ش لە ئاخرین یەك شەممەی مانگی فێبریوەری ١٩١٧ ی زایینی بە دروشمی (ئاشتی و ئافرەت) دەستیان دایە مانگرتن، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ڕێبەرانی سیاسیی ئەوکاتی ڕووسیا ئەو مانگرتنەیان بە ناڕەوا دەزانی، بەڵام ئافرەتان سوور بوون لەسەر مانگرتن داواکارییەکانی خۆیان و دوای چوار ڕۆژ دەوڵەتی تزار ناچار بوو واز لەدەسەڵات بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە کلارا زتکین بۆ جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٢١ی زاینی دوای ١١ ساڵ دیسان پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەك ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان دیاری بکرێ، پێشنیارەکەی پەسند کرا و ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی ئافرەتان لە مێژوودا دیاری کرا.

٨ی مارس هەم وەبیر هێنانەوەی خەباتی قارەمانانەی ئافرەتانی کارخانەی ڕستن و چنینی (نیویۆرك)ـە، هەم ڕۆژی بزافی ئافرەتانی کرێکاری (پیترۆس بۆرگ)ـە دژ بە حکومەتی ڕووسیای تزار، کە بە بنەمای خەباتی

نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی دادەنرێ. گەرچی تا هەنووکەش ڕێوڕەسمەکانی ئەم بۆنەیە لە زۆرێك لە وڵاتان قەدەغەیە، بەڵام ئافرەتانی چالاك و خەباتکار کۆڵیان نەداوە و بۆ هێنانەدی ئاواتەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامن. لە هەرێمی کوردستانیش زۆر بە بایەخەوە یادی ئەم ڕۆژە جیهانییەی ئافرەتان دەکرێتەوە.

**لە بری ئاهەنگ و شایی و لەبەرکردنی جلی ڕەنگاوڕەنگ، پێویستە هەمووان بە ڕاگەیاندنی ماتەمینی ڕێز لەو هەموو ژنە پرسەدارانە بگرن کە باوك و برا و هاوسور و کوڕیان لە پێناو پارێزگاری کورد و کوردستاندا خوێنی خۆیان بەخشیوە**

**لە ژێر فشاری ڕێکخراوەکانی NGO لە کوردستان کە بۆ ماوەیەکی باش لە کوردستان چالاکییان هەبووە، توانراوە هەندێك چەمکی ئەرێنی لە کەلتووری ڕۆژئاوا وەربگرین**



# ژنان لە واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستاندا چ پێگەیەکان هەیە؟

**بەشێك لە خانمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای هەوڵ و بزافی جۆراوجۆر لە پێناوی دەستەبەرکردنی یەکسانیی رەگەزی، کەچی لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی و دروستکردنی بڕیاردا هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی شیاو، هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە بەپێی یاسا هەندێك دەرفەت بۆ مومارسەی مافەکانی ئافرەتان دیاری کراوە، نموونەش بە سیستمی کۆتا دەهێننەوە، بەڵام هاوکات ئەو رەخنەیەش ئاراستەی حزبەکان دەکەن بەوەی کە وەکو پێویست لە بورای دروستکردنی بڕیاردا ئاوڕیان لە ئافرەتان نەداوەتەوە. پێداگری لەسەر ئەوەش دەکەن کە ژنان لە هەر چوار خولی پەرلەمانی کوردستاندا رۆڵی کارایان گێڕاوە، کەچی لە رێژەی بەشدارییان لە کابینەی حکومەتدا ناگاتە سەدا پینج و ئامارەکان پێمان دەڵێن پەرلەمان لە کردنەوەی دەرگا بەڕووی ئافرەتاندا لە پێش حکوومەتە، ئەمەش ئەو پرسیارە هەڵدەگرێ کە ئایا ژنان لە واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستاندا چ پێگەیەکان هەیە؟**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا د. کوردستان ئامێدی، مامۆستا لە کۆلێجی یاسا و رامیاری/ زانکوی گەشەپێدانی مرۆیی و سەرنووسەری گۆڤاری ئایندەسازی ئاماژە بەوە دەکات کە «واقیعی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان، بە بەراود لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونی کاری سیاسی لە ساڵی ١٩٩١ دەیسەلمێنێت کە بەشداری سیاسیی ئافرەت زور هەنگاوی بەرەو پێش بڕیوە، چونکە پێش راپەڕینی ١٩٩١ لە زۆربەی ناوچەکان بەشداری سیاسیی ئافرەتیان بە عەیبە دەزانرا و بە دەگمەن ئافرەتمان لە ناو ئۆرگانەکانی پارتە سیاسییەکاندا دەبینی، بەڵام ئێستا ئافرەتان نزیکەی لە ٢٥.٪ی رێکخستنەکانی حزبەکان پێکدەهێنن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەلومەرجەکان بۆ ئافرەت و پیاو بۆ بەرەوپێشچوون لە ناو پارتە سیاسییەکاندا بە هەمان شێوازە، یان جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە؟ بێگومان جیاوازی هەیە، چونکە تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئافرەت بەدەگمەن بتوانێت بگاتە شوێنەکانی بڕیاردان و پۆستە باڵاکان، بۆ نموونە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا تا کۆنگرەی ١٣ تەنیا یەك ئافرەت لە ناو سەرکردایەتیدا هەبووە، دوای کۆنگرەی ١٣ ژمارەکە زیاد کرا بۆ ٧ ئافرەت، بە هۆی بڕیاردان لە سەر کۆتا بە رێژەی (١٠.٪) لە مادەی (١٧) لە بڕگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆ، جێی تێبینییە کە ئەم رێژەیە (کۆتا) تەنیا بۆ سەرکردایەتییە، بۆیە لە ئۆرگانەکانی دیکەی پارتیدا بە دەگمەن ئافرەت پۆستی باڵای هەیە. هەروەها لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان-یشدا، سیستمی (کۆتا) لە کۆنگرەی سێیەمیدا بڕیاری لەسەر دراوە، لە ماددەی چوارەمی پەیڕەوی ناوخۆدا، کە بە رێژەی ٢٠.٪ـە لە کۆمیتەوە تا دەگاتە سەرکردایەتی، بەڵام تا ئێستا تەنیا لە سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی جێبەجێ بووە و لە ئۆرگانەکانی دیکەدا جێبەجێ نەبووە. هەروەها لە کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان رێژەی ٣٠.٪ بو ئافرەتان لە سەرکردایەتیدا دیاریکراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەبووە. رەنگە لە ناو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان زۆرترین ئافرەت لە سەرکردایەتیدا بەشداری کردبێت بە پێی رێژەی ٢٥.٪ کە لە کۆنگرەی شەشەمدا بڕیاری لەسەر دراوە و زۆربەی ئۆرگانەکانی حزبدا جێبەجێ کراوە، بەڵام بە هیچ شێوازێك ئەم رێژەیە لەگەڵ رێژەی ئافرەتان لە ناو رێکخستنەکانی حزبدا کە دەکاتە ٤٨.٪ ناگونجێت.» سەبارەت بە پێگەی ئافرەت لە ناو دەزگای یاسادانان و جێبەجێکردنیشدا، گوتی: «ئەو رێژەی ٢٥.٪ ـە کە لە یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٣ دانراوە، تەنیا بۆ بەشداری ئافرەتانە لە دەزگای یاسادانان (پەرلەمان) نەك حکومەت، بۆیە رەنگدانەوەی ئەوەیە کە پێگەی ئافرەت لە ناو پەرلەماندا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرچاو، بەڵام لە ناو حکومەتدا زۆر لاوازە. بێگۆمان لاوازیی پێگەی ئافرەت لە واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی خودی و دەرەکی، هۆکارە خودییەکان کە تایبەتن بە خودی ئافرەت کە زۆر جار خۆی وەلا دەخات لە بواری کاری سیاسی لە بەر هەر هۆکاریك بێت، هەروەها زۆر جار داوای مافی خۆی ناکات لە ناو پارتەکەیدا، یان ناتوانێت وەکو پیاو شەڕی کورسی بکات، یان بەپێی پێویست گرنگی پێنادات وکار لە سەر گەشەپێدانی تواناکانی خۆی ناکات بە شێوازیك کە ببێتە جێی متمانەی هەموو ئەندامانی پارتەکەی. هۆکارە دەرەکییەکانیش بریتین لە زاڵبوونی پیاوان لە ناو ناوندەکانی بڕیاردا، بە شێوازێك کە رێگەنادەن ئافرەتیش بگاتە ئەو ناوەندانە، لەبەر بێمتمانەیی پیاو بە ئافرەت کە گوایە ناتوانێت ئەو ئیشە بکات، یان بوار نەڕەخساندن لە بەردەمیان بۆ نواندنی توانای خویان، هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ رۆڵی ئافرەت زور گەشەی نەکردووە، بەتایبەتی لە رووی سیاسییەوە، بۆیە تا ئێستا لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا متمانەیان نییە کە ئافرەت دەتوانێت وەکو پیاو، یان باشتر لەو کارەکان ئەنجام بدات، بۆیە دەنگی پێنادەن، یان پشتگیری ناکەن.»

عارف روشدی راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە راستە رێژەی ژنانی نێو حکومەت زۆر نزمە، بۆیە پێویستە حزبە سیاسییەکان بیر لەم کێشەیە بکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی توانا راستییەکانی ژنان کاریگەرییان هەبێت، پێویستە لە کاتی دەستنیشانکردنی ژناندا بۆ پۆستەکانی بەرپرسیارەتی لە سەر بنەمای لێهاتوویی و تواناکانی ژنان بیت، بەڵکو لەو ژنانە بن کە خاوەن ئەزموون و بیرکردنەوەو کارکرنی مەیدانی بن. گوتیشی: بەگشتی لە نێو هەموو حزبەکاندا پێویست دەکات جاوخشاندنێکی جددی بکرێت بە مەسەلەی ئاستی رێژەی ئەو ژنانەی کە دەستنیشاندەکرین بو پۆستە سیاسی و حزبی و ئیدارییەکان.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا بەهۆی بەرزبوونەوەی رێژەی ئافرەت لە حزبە سیاسییەکان و لە سیاسەتدا، ئاشتی بەسەر شەڕدا زاڵ دەبێت، گوتی: «ئاشتی لای هەموو کەسە هوشیار و مروڤدۆستەکان پیرۆزە، باوەڕناکەم پێوەندی بە بوون و نەبوونی ئاشتی بەند بێت بە رەگەزەوە ئاشتی مورال و هزر و بەها و ویژدانە، من لەگەڵ ئەوەم تا بکرێت ئەو لاسەنگییەی هەیە لە ئاستی بەشداربوونی ئافرەتاندا لە کایە سیاسی و ئیدارییەکاندا کەم بکرێت و عەدالەت هەبێت لەو بارەیەوە، بەڵکو خواستی ئەوەم هەیە رۆژێك دابێت هەردوو رەگەز بە یەکسانی لە ناوەندە بڕیارسازەکان بوونیان هەبێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە پێویستە دڵسوزی و لێزانی و لێهاتوویی رەچاو بکرێت، نەك تەنیا دانانی ژنان رووکەش بێت، بێ رەچاوکردنی عەدالەت و تواناکان».

ئازاد ئەبوبەکر سرێشمەیی ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایوایە: «میللە تی کورد بە درێژایی مێژوو رێزێکی زۆری بۆ ئافرەت داناوە، لە زۆر قوناغی مێژوویدا بواری بۆ ئافرەت رەخساندووە کە پلە و پایەی بەرز بەدەست بێنێت و پێگەی شایستەی خۆی پێ بدرێت»، وتیشی: «رۆژهەڵاتناسی رووسی (مینۆرسکی) دەڵێت: «کورد لە هەموو میللەتانی ئیسلامیی دراوسێی خۆی لێبوردەترە بەرامبەر ئافرەت»، لێبووردەییش بەو مانایەی بواری رادەربڕین و پێدانی پێگە و شایستەی خۆی پێدراوە، بەڵام چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری کە بەشێکە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زیاتر لە فاکتەرێك رێگر بووە لەوەی ئافرەتان رۆڵی بەرچاوی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بگێڕن، بۆیە ئافرەتی کوردیش لەو بوارەدا لە ئاستی پێویستدا نەبووە. ئەگەر ئێستا لە گەڵ سەدەی رابردوو بەراورد بکەین، دەبینین کە ئافرەت رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ناوکۆمەڵگەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە ئەو ئازادییەی کە لە دوای راپەڕینەوە هاتۆتەئاراوە، هەروەها دەرچوونی چەند

**فۆکۆیاما)ی بیرمەندی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٩٨ بیردۆزێکی راگەیاند بەناونیشانی (بەمێینەکردنی ئاینده) و تێیدا جەختی لەوە کردەوە کە دەسەڵات و کاروباری دەوڵەت بدرێتە دەست ئافرەتان، چونکە پێیوابوو ئەگەر لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ئافرەت لە ناوەندی بڕیاری سیاسی بوونی هەبێت، دەرفەت لە بەرامبەر هەڵگیرسانی شەڕ کەم دەبێتەوە**

**ئافرەت نیوەی دەنگەکانی هەیە لە هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا هەر بە کۆتا لە هەڵبژاردنەکان سەردەکەون، زۆرجار کاندید دەست ناکەوێت بۆ خولەکانی هەڵبژاردن. مانای وایە ئافرەتان خۆشیان ئەو ئامادەییەیان تێدا نییە و هاوکاری یەکتر ناکەن**

**پێویستە پەرلەمانی کوردستان کاربکات لە سەر گۆڕینی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیراندا و رێژەی ٣٠.٪ بۆ بەشداربوونی ژنان لە ئەنجومەنی وەزیراندا بکاتە واقیعێکی یاسایی**

یاسایەك كە ماف بە ژنان دەدات بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و دیموكراسیدا بكەن. هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیریی كۆمەڵگە بە شێوەیەكی گشتی. بۆیە دەكرێ بڵێین بەشداری ئافرەتانی باشووری كوردستان لە نێو پرۆسەی سیاسی لە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ زیاتر و بەرچاوترە. هێشتا لە هەندێ وڵات تەنیا یەك ئافرەتیش لە ناو پەرلەمانەكان بەدی ناكرێ، كەچی لە پەرلەمانی كوردستان ٣٠٪ی بۆ ئافرەت تەرخانكراوە، لە ئاستی سەركردایەتی حزبە كوردستانییەكانیش رێژەیەكی باش لە ئافرەت هەیە، وەك نموونەی جاران لە ناو سەركردایەتی پارتی تەنیا یەك ئافرەت هەبوو، ئێستا پێنج ئافرەت ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتین، بەڵام بەداخەوە لەناو كابینەی حكومەت تەنیا یەك ئافرەت هەیە، دەكرا وەك چۆن لە پەرلەمان رێژەیەكی بۆ دیاری كراوە، بە هەمان شێوەش رێژەیەكی ئافرەت بۆ ناو حكومەت دیاری بكرابایە. لەگەڵ هەموو ئەو پێشكەوتنانە هێشتا بەشداری ئافرەت لە ناوەندە سیاسییەكان و ناوەندە باڵاكانی بڕیاردان وەك پێویست نییە، ئەمەش هۆكارێكی لەپشتە، ئەویش ئەوەیە كە هەموو حزبە كوردستانییەكان لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیاندا بایەخێكی زۆر بە ژنان دەدەن، بەڵام لە رووی پراكتیكییەوە جێبەجێی ناكەن. جیا لەوەش هێشتا كەلتوور و داب و نەریت كاریگەرییەكی زۆری لە سەر تێڕوانین و بیركردنەوەی تاكی كورد هەیە و هێشتا بە چاوی مرۆڤێكی خاوەن ماف و شایستە تەماشای ئافرەت ناكرێ، خودی ئافرەتانیش بێ كەموكوڕی نین، هێشتا ئافرەتی كورد وەك پێویست نەهاتۆتە ناو مەیدانی سیاسەت و ئەوەشی هاتووە بە ترس و نیگەرانییەوە هاتۆتە ناو پرۆسەی سیاسەت، ئافرەت نیوەی دەنگەكانی هەیە لە هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا هەر بە كۆتا لە هەڵبژاردنەكان سەردەكەون، زۆرجار كاندید دەست ناكەوێت بۆ خولەكانی هەڵبژاردن. مانای وایە ئافرەتان خۆشیان ئەو ئامادەییەیان تێدا نییە و هاوكاری یەكتر ناكەن .»

سەبارەت بەوەش كە بە هۆی بەشدارنەبوونی ئافرەت لە بڕیاری سیاسیدا شەڕ بە سەر ئاشتیدا زاڵ بووە، گوتی: «سایكۆلۆجیەتی ئافرەت لەگەڵ پیاو جیاوازە و لە بڕیاردانیشدا نەرمتر و خاوەن بەزەییترە. (فۆكۆیاما)ی بیرمەندی ئەمریكی لە ساڵی ١٩٩٨ بیردۆزێكی راگەیاند بەناونیشانی (بەمێینەكردنی ئایندە) و تێیدا جەختی لەوە كردەوە كە دەسەڵات و كاروباری دەوڵەت بدرێتە دەست ئافرەتان، چونكە پێیوابوو ئەگەر لە كۆمەڵگە دیموكراسییەكاندا ئافرەت لە ناوەندی بڕیاری سیاسی بوونی هەبێت، دەرفەت لە بەرامبەر هەڵگیرسانی شەڕ كەم دەبێتەوە، چونكە ژن لە پیاو بەزەیی زیاترە.»

تەنیا زكری سەعید بەپرسی بەشی كۆمەڵایەتی و چاكسازی لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك رایوایە «بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠٠٣ رەوشی سیاسیی كوردستان و پێگەی ژن لە بەشداری سیاسەتدا بەرەوپێش چوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی دوای جێگیربوونی ٢٥٪ی رێژەی ژنان لە نێو ناوەندەكانی بڕیاردانی سیاسی كە لە نێو دەستووری عێراق جێگیركراوە. گوتیش: «دوای ئەوەی هەرێمی كوردستان ئەم یاسایەی پەسند كرد، ئێستا رێژەی ٣٠٪ بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئافرەتان هەیە، دوای ساڵی ٢٠١٠ـەش رێژەی كۆتا لە نێو حزبە سیاسییەكان بایەخی پێدرا و رێژەی كۆتا لەناو زۆرینەی پارتە سیاسییەكان ژمارەی ئافرەتانی سەركردەی زیاد كردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە رێكخراوەكانی ژنان و چالاكانی مەدەنی و دیموكراسیخواز كاری زیاتر لە سەر عەقڵی كۆمەڵگەی پیاوسالار بكەن . واتە پێویستە شەو و رۆژ لە سەر برەودان بەپێگەی ژنان كاربكەن و ئەو ژنانەش كە حەزی كاری سیاسییان هەیە، پێویستە زیاتر هان بدرێن و رێگەیان بۆ خۆش بكرێت، ئافرەتانیش دەبێت خۆیان ئاستەنگەكان بەردەمیان لابەرن و خۆیان پێش بخەن. هەروەها پێویستە پەرلەمانی كوردستان كاربكات لە سەر گۆڕینی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیراندا و رێژەی ٣٠٪ بۆ بەشداربوونی ژنان لە ئەنجومەنی وەزیراندا بكاتە واقیعێكی یاسایی .

لەیلا عەبدولجەبار ئاكرەیی كارگێڕی لقی نۆی پارتی دیموكراتی كوردستان سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «رەوشی ئافرەتی كورد بە چەند قۆناغێكی سەختدا تێپەڕیوە، لە قۆناغی ژێردەستی رژێمی دیكتاتۆر، لەو كات خەباتی ئافرەتی كورد مۆركێكی سیاسی و نەتەوەیی تێیدا زاڵ بوو، چونكە لەو كات گەلی كورد بە هەموو چین و توێژەكانیەوە رووبەرووی كارەسات و جینۆساید و گواستنەوە دەبوونەوە و ئافرەتی كورد زەرەرمەندی یەكەمی ئەو قۆناغە بوون، قۆناغی دوای راپەڕینی پیرۆز خەباتی نهێنی و سیاسیی رێكخراوەكان وەرچەرخانێكی مێژوویی بەخۆیەوە بینی و هۆشیارییەكی تا رادەیەك باش دروست بوو، كە چەندین رێكخراوی ئافرەتان دامەزران، سەرەڕای ئەوەی كە رەوشی سەختی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی وەكو پێویست نەبوو. ژمارەیەك ئافرەت هاتنە نێو مەیدانی كار و بەشداربوون لە بوارەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوور. دواتر لە قۆناغی دوای ئازادكردنی عێراق تا رادەیەكی زۆر بارودۆخی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی و هەرێمی كوردستان لە هەنگاوەكانی بەرەو بەدیهێنانی پێداویستییەكانی سەردەم نزیك بووەوە و میدیای كوردی رۆڵێكی بەرچاوی هەبوو لە وشیار كردنەوەی كۆمەڵگە و رێكخراوەكانی ئافرەتانیش ژمارەیان زیاتر بوون و بە شێوەیەكی ئاشكرا داوای گۆڕینی چەندین یاسایان كرد كە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا بوون، دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی كوردستان پشتگیرییان لە پرسی ئافرەتان كرد، هەروەها ژمارەی ئافرەتان لە پێگەی بڕیاردان زیاتر بوون. ئەمڕۆ لە كوردستان ئافرەتان لە زۆر بواردا رۆڵی خۆیان بینیوە، بەڵام ئەم بەشداری كردن و پێشكەوتنە لە ئاست هیوا و ئاواتی ئافرەتاندا نییە. بە بڕوای من لە هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی سیاسی تا رادەیەكی باش بواری بۆ ئافرەت رەخساندووە كە رۆڵی خۆی ببینێت، بەڵام ئافرەتانی بەشدار لە بڕیاردانی سیاسی لە زۆربەی پارتە سیاسییەكان نەیانتوانیوە ببن بە پشتیوانی راستەقینەی كێشە و گرفتەكانی ئافرەتان، بۆیە تا ئێستا رێكخراوەكانی داكۆكیكار لە مافەكانی ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەی بەشدارن لە بڕیاری سیاسی، هەوڵ دەدەن كارامەیی ئافرەتان نیشانی كۆمەڵگە و ئەو پارتە سیاسییانە بدەن كە تێیدا كار دەكەن، هیوادارم ئافرەتانی بەشدار لە هەموو بوارەكاندا كە رۆڵیان هەبێت و بەو كاریگەرییەی كە هەیانە پشتگیری یەكتر بكەن، بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان ببینن و لە هەمان كاتدا باوەڕی كۆمەڵگەدا بن و لەلایەكی دیكەوە هێزی راستەقینەی ئافرەتان نیشان بدەن.

**ئافرەتانی بەشدار لە بڕیاردانی سیاسی لە زۆربەی پارتە سیاسییەكان نەیانتوانیوە ببن بە پشتیوانی راستەقینەی كێشە و گرفتەكانی ئافرەتان، بۆیە تا ئێستا رێكخراوەكانی داكۆكیكار لە مافەكانی ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەی بەشدارن لە بڕیاری سیاسی، هەوڵ دەدەن كارامەیی ئافرەتان نیشانی كۆمەڵگە و ئەو پارتە سیاسییانە بدەن كە تێیدا كار دەكەن**

**بەشداری ئافرەتانی باشووری كوردستان لە نێو پرۆسەی سیاسی لە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ زیاتر و بەرچاوترە**

**ئەو رێژەی ٢٥٪ ـە كە لە یاسای هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان لە ٢٠١٣ دانراوە، تەنیا بۆ بەشداری ئافرەتانە لە دەزگای یاسادانان (پەرلەمان) نەك حكومەت، بۆیە رەنگدانەوەی ئەوەیە كە پێگەی ئافرەت لە ناو پەرلەماندا گەیشتووەتە ئاستێكی بەرچاو، بەڵام لە ناو حكومەتدا زۆر لاوازە**

# پێگەی سیاسیی ئافرەتان لە نێوان واقیع و خواستدا



ساسان عەونی

بە شێوەیەکی گشتی، کارکردنی ژن لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جیاوازی کەلتوورەکانیەوە چۆن سەختە و بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا لە دواوەیە، ئەوا بە هەمان ئەندازە و زیاتریش کارکردن و خۆسەلماندنیان لە ناو دونیای سیاسەت بێ گرفت و بێ بەربەست نییە.

کۆمەڵگەی کوردستان وەک یەکێک لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی هاوبەشی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگە نەریتیەکانی تر هەیە، لەپاڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی بە شێوەیەکی هێواشیش بێت، بەڵام بزووتنەوە و رەوتە کۆمەڵایەتی و هەوڵە تاکە کەسییەکان دەیانەوێت بە ئاراستەی کرانەوە و باشترکردنی هەندێ واقیعی کۆمەڵایەتی بڕۆن، کە ئەویش مەحکوومە بە زۆر داب و نەریت و بۆ ماوەی هاوبەش، بەشێوەیەک هەر هەوڵێکی تازەگەری، بە بەردەوامی سنووردار دەکرێت و بوار نادرێت بە ئاسانی تێپەڕێت.

لە ئێستادا، لە نێوان ئەم دوو رەوتەدا، پێگەی ژن لە واقیعی سیاسی کوردستاندا لە شوێنێکی جێگیر نییە، لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدایە، لە نێوان هەوڵەکانی ژێردەست کردن و کەوی کردن لە لایەک و سەرکێشی و ئازادی و هەوڵی لیبراوانە بۆ خۆسەلماندن و زیاتر کاریگەری دروستکردن لە لایەکی ترەوە، لە پێشبڕکێدایە. ئەگەرچی ئەم پێگەیە لە ئێستادا لەو ئاستە نییە کە شوێن و ویستی ئافرەتان خۆیان و لایەنگرانیان بێت، بەڵام بەردەوامبوونی رەوتەکان بە گوڕ و تینی ئێستا ئەو ئومێدە دەدات کە لە ئایندەدا لە شوێنێکی باشتر بن.

ئەو رایەی کە دەڵێت: «حزبەکانی کوردستان کەمترین بەشداریی بە ژن دەکەن» بە بڕوای من رایەکی دروستە ئەگەرچی تاڵە، هەرچەندە رادەی ئەم بەشدارییە لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر جیاوازە، بەڵام دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێگەی ئافرەت لە واقیعی سیاسیدا تەنیا پشت نەبەسترێت بەو بنەمایەی کە پێوەر لەسەر ژمارەی ئەو ئافرەتانە دەکات کە کاری حزبایەتی و سیاسەت دەکەن وەکو کادر و سەرکردە، یان ئەوانەی کە کاری پەرلەمانی و حکوومی دەکەن. بەڵکو دەکرێت هەڵسەنگاندنی پێگەی ژن، جگە لەوانەی کە باسکران، بە بەشداریشیان لە رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی زانکۆ و تەنانەت هەموو ئەو هەوڵە تاکە کەسییانەش بپێورێت کە لە بواری رۆشنبیری ومیدیا و کایەکانی تری کاری کۆمەڵایەتی کاردەکەن.

ئەو حزب و رەوتە سیاسییانەی کە روو لە ئایندەن و مەبەستیان مانەوە و زامنکردنی پێگەی جەماوەرییە، ناکرێت خوێندنەوەی دروستتریان بۆ رۆڵ و کارایی ژن نەبێت لە کۆمەڵگە. بارەکە دەخوازێت کە حزبە سیاسییەکان کراوەتر بن لەگەڵ ئەدا و رۆڵی ئافرەت لە ریزەکانیان، هەروها دارشتنەوەی روانین و ستراتیژ بۆ رۆڵی ژن لە ناو ریزەکانیان و کارکردنی شێلگیرانە بۆ دەربازبوون لە رۆڵپێدان بە ژن تەنیا بۆ رواڵەت و نمایش، بەڵکو راهاتن لەگەڵ فەرهەنگێک کە ژنان بتوانن لە شوێنەکانی بڕیار بن لە هەر ئاستێک، ئەویش بە متمانەکردن و هاندانی توانا راستەقینەکان، ئەو توانایانەی بە کار و داهێنانەکانیان دەتوانن نەوەک تەنیا رۆڵ لە سەرکەوتنی حزبەکان بگێڕن، بەڵکو ئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بگۆڕن.